Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080307

# نامۆیی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ( جەمال غەمبار ) بەنموونە.

**مژدە ئیسماعیل نوری**

**زانکۆی گەرمیان _ کۆلێژی پەروەردە – بەشی زمانی کوردی**

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

نامۆیی لەشیعری هاوچەرخدا، جەمال غەمبار، شیعری هاوچەرخ.

*Corresponding Author*

muzhda.ismael@garmian.edu.krd

**پوختە**

نامۆیی دیاردەیەکە یان حاڵەتێکە کە ڕەنگە توشی هەموو مرۆڤێک ببێت و هۆکارەکانیشی جیاوازن ، بەڵام زیاتر شاعیر دەتوانێت ئەو حاڵەتە یان ئەو دیاردەیە دەربڕێت و لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئاماژەی پێبکات ، نامۆیی لای شاعیران لەهەموو قۆناغەکاندا گرنگی خۆی هەبووە ، واتە هەر ئەوە نییە کەبەتەنیا لەڕێبازی کلاسیک یان ڕۆمانتیک گرنگی پێ درابێت . هەر شاعیرێک بەپێی پێویستی خۆی هانای بۆ بردووە و مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبووە لەپشت بەکارهێنانی ئەو دیاردەیەوە ، یەکێک لەو شاعیرانەی کە زیاد لەشاعیرانی دیکە ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە ( جەمال غەمبار )ی شاعیرە ، شاعیر زۆر بەجوانی هەستی نامۆیی لەهۆنراوەکانیدا دەردەکەوێت و دەبینرێت وهەستی پێدەکرێت ، ئەمەش زیاتر ڕەنگە بەهۆی غەریبی و دووری لەخاک وڵاتەکەیەوە بێت .

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی نامۆییە لەسەر ئەدەب بەگشتی و هۆنراوە بەتایبەتی و دەرخستنی تواناکانی جەمال غەمباری شاعیرە لەم بابەتەدا.

## پێشەکی

نامۆیی دیاردەیەکە یان حاڵەتێکە کە ڕەنگە توشی هەموو مرۆڤێک ببێت و هۆکارەکانیشی جیاوازن ، بەڵام زیاتر شاعیر دەتوانێت ئەو حاڵەتە یان ئەو دیاردەیە دەرببڕێت و لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئاماژەی پێبکات ، نامۆیی لای شاعیران لەهەموو قۆناغەکاندا گرنگی خۆی هەبووە ، واتە هەر ئەوە نییە کەبەتەنیا لەڕێبازی کلاسیک یان ڕۆمانتیک گرنگی پێ درابێت . هەر شاعیرێک بەپێی پێویستی خۆی هانای بۆ بردووە و مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبووە لەپشت بەکارهێنانی ئەو دیاردەیەوە ، یەکێک لەو شاعیرانەی کە زیاد لەشاعیرانی دیکە ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە ( جەمال غەمبار )ی شاعیرە ، شاعیر زۆر بەجوانی هەستی نامۆیی لەهۆنراوەکانیدا دەردەکەوێت و دەبینرێت وهەستی پێدەکرێت ، ئەمەش زیاتر ڕەنگە بەهۆی غەریبی و دووری لەخاک وڵاتەکەیەوە بێت .

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی نامۆییە لەسەر ئەدەب بەگشتی و هۆنراوە بەتایبەتی و دەرخستنی تواناکانی جەمال غەمباری شاعیرە لەم بابەتەدا.

سنوری توێژینەوەکەش لەچوارچێوەی هۆنراوەکانی ( جەمال غەمبار ) خۆی دەبینێ .

گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە کە پەیوەندی ئەدەب بەلایەنەکان یان زانستەکانی ترەوە دەبەستێتەوە وەک ( سایکۆلۆژیا ) کە نامۆیی خۆی لەخۆیدا یەکیکە لەو دیاردە سایکۆلۆژییانەی تووشی مرۆڤ دەبن .

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێک دێت بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێک دێت ، تەوەری یەکەم باسی زاراوەو چەمک و پێناسەی نامۆیم کردووە و ، تەوەری دووەمیش باسی کەسێتی نامۆیم وەک بوویەکی ئەرێنی و نەرێنی کردووە ، لەگەڵ تایبەتمەندی نیشانەکانی کەس نامۆ و هۆکارو جۆرەکانی نامۆیی و زیاتر بەشێکی تیۆرییە ، بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکییەو لێکدانەوەم بۆ ئەو دەقە شیعرانە کردووە کە بەڕوونی دیاردەی نامۆییان تێدا دەبینرێت ، پاشان بەچەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەم خستۆتە ڕوو لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کەسوودم لێ وەرگرتوون ، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

لەتوێژینەوەکەمدا پەیڕەوی میتۆدی ( شیکاری - پەسنی ) م کردووە .

توێژینەوەکە هەندێ وشە کلیل لەخۆدەگریت وەک ( نامۆیی ( نامۆبوون ) ، ئەرێنی ، نەرێنی ، نیشانە ... هتد ).

١

### بەشی یەکەم : تەوەری یەکەم :

أ- زاراوەی نامۆیی :

سەرەڕای زۆر نوسین لەبارەی چەمک و زاراوەی نامۆییەوە ، بەڵام هێشتا ئەم چەمکە لێڵ و تەم و مژاوییەو ڕوون نییە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە هەرکەسێک بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتنی خۆی ئەم چەمکەی بەکار هێناوەو لەبارەیەوە دواوە.

بنچی زاراوەی نامۆیی لە لاتینی دا بریتییە لە ((alienatio ) ئەم وشەیە لە فرمانی ( alienare) هاتووە ، کەبە مانای گواستنەوەی شتێک دێت بۆکەسێکی تر کەدەبێتە خاوەنی یان بە مانای داماڵین و لابردن دێت ، ئەم کارە بۆ خۆی لەکارێکی ترەوە وەرگیراوە . کاری ( alien ) یش لەوشەی ( alien)وەرگیراوە جاناو بێت یان ئاوەڵناو .

لەزمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی نامۆیی ( alienatio ) لەئاوەڵناوی ( alien ) هاتووە کەبەمانای نەناسراو یان بێگانە دێت . هەروەها واتای سەرپێچی کار یان یان گۆڕاویش دێت . بەڵام لە کاری ( alienate ) بەمانای دوورکەوتنەوە یان هاوڕێیەتی لەدەست دان دێت . ئەگەر بەمانای پیت وەربیگرین مانای دوورکەوتنەوە یان دووری لە کۆمەڵگەدێت )) (*سەرکەوت* سەعدی قادر ، نامۆیی لەڕۆمانەکانی ( سەلاح عومەر) دا ، 2011 ، ل 12- 13 )

هەروەها (( نامۆیی لەزمانی ئەڵمانی دا ( pntfremdung )بەکارهاتووە وەک ( گریم ) ڕوونی دەکاتەوە دەڵێت مانای زاراوەی نامۆ بوون یان دەست بەسەرا گرتن یان لێ سەندن دەگەیەنێت ، ئەم زاراوەیە ڕێک بەرامبەر بە وشەی ( nalienatio ) ی ئینگلیزی دێ )) ( فازیڵ شەوڕۆ ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ، 2013 ، ل 12 )

لای هەندێ لە لێکۆڵەرو نووسەران هەردوو زاراوەی نامۆیی و نامۆبوون واتای کەسی نامۆ دەگەیەنێت ، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وایە نامۆیی بەمانای دوورە وڵات دێت .

لەزمانی عەرەبیش دا چەندین زاراوە بۆ وشەی نامۆیی بەکار هاتووە لەوانە : (( ( غربە ) یان (التغريب ) یان ( الاستلاب ) یان (الانسلاخ ) ، بەڵام ئەوەی زۆرتر بەکارهاتووە زاراوەی ( الغربە، الاغتراب ) بووە لەکاری ( غربە ) واتا حەرەکەو جووڵە وەرگیراوە بەڵام وشەی ( الغرباء ) داتاشراوەی ئەم فەرمانەیە لە فەرهەنگی ئیسلامیش دا مانای جیاواز دەبەخشێت بەمانای ( خواناسی، باوەڕدار، لەخواترس ) دێت ( غربە والغتراب ) کەبەرامبەر وشەی نامۆیی و نامۆبوون بەکار هاتووە لەزمانی عەرەبی دا بە ( مانای دووری لەوڵات دوور خستنەوە دووری وەلانان ، ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات دێت)) ( فازیڵ شەوڕۆ ، هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل 12 ) .

لەفەرهەنگی ( هەنبانە بۆرینە ) دا نامۆیی بەواتای (( بێگانەی هەروەها غەریب بەمانایی ئاوارەیی و دورەوڵات و بەستەزمان هاتووە )) ( هەژار ، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ، ١٣٦٩ ، ل 512) لەزمانی کوردیش دا زاراوەی نامۆبوون چەندین دەربڕینی بۆ کراوە کەبەواتای (( تاراوگە ، ئاوارەیی ، دوورلەوڵات ، غوربەت ، پەڕاگەندە دێت )) (سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لەشیعری نوێی تاراوگە ، 200٠ ، گ. ڕامان ، ژ ٢٤ ، ل 50 )

هەروەها وشەی لاتینی ( alinare) وشە هاوتاکانی لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و عەربی کەلێوەی وەر گیراون ، چەند واتایەکی جیاوازیان هەیە :-

١- (( واتای زمانی : نامابوو واتا کۆچی کرد ، یان ژن هێنان لە بیگان ٢

واتای کۆمەڵایەتی : واتا نەمانی پەیوەندی لەنێوان تاک و ئەوانی تردا ٢-

٣- واتای دەروونی : وشەی ( alienatio )( واتای حاڵەتی بێهۆش ، هەروەها لەدەست دانی هێزی عەقڵی یان هەستەوەرەکان دەگەیەنێت ، لەبواری پزیشکی دا بەواتای تێکچونی عەقڵ دێت .

٤- واتای دەروونی و کۆمەلایەتی : واتە جیابوونەوەی مرۆڤ لە خودی خۆی وەسەرپێچی کردنی ئەو شتانەی لەکۆمەڵگەدا باون .
٥- واتای ئاینی : نەمانی پەیوەندی نێوان تاک و یەزدانە)) ( کەمال مەعروف ، کلاسیکی نوێخوازی کوردی ، ٢٠٠٣ ، ل٧٥)

ب- چەمک و پێناسی نامۆیی :

نامۆیی وەک چەمکێکی فرە پێناسە ناسراوە ، واتە یەک پێناسەی نییەو بەتەنیا لەیەک دیدی ئەبستراکتەوە تەماشا ناکرێت . کێشەی یەکێک لەزانستە مرۆڤایەتییەکان نییەو تەنیا زانستیک بەتەنیا ناتوانێت خۆی پێوە سەر قاڵ بکات و راڤەیەکی دروست بدا بەدەستەوە ، بەڵکو نامۆیی چەمکێکی فرە پێناسەیەو دیاردەیەکە دەبێت لە روانگەی جیاوازو گۆشەنیگای جیاوازەوەو تەماشا بکرێت و بەدیدی زانستی فراوانەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و رێگە بدرێت کەلە رەهەندی جیاوازەوە پێناسەبکرێت و بناسرێت توێژەرانی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، ئاینی ، ئابووری ، سیاسی ، فەلسەفی ،تەندروستی ،پەروەردەیی ، توێژینەوەیان لەبارەی ئەم چەمکەوە کردووە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە پێش چاو :

نامۆیی لە (( حاڵەت و دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە . ئەم خەسڵەتە دەرونییەلای هەموو کەسێک بەپێی باری دەرونی ژینگەکەی بوونی هەیەو مرۆڤەکان هەرچیەک بن و لەهەرپلەو پایەو سەر بە هەر ئاستێکی رۆشنبیری بن دەشێت دووچاری ئەم حاڵەتەبن )) ( سامان عزالدین سعدون ، دەقە شیعریەکانی گۆران لەروانگەی دەروونناسییەوە ، 2015 ، ل ٤٨٢ )

نامۆبوون لەروانگەی ( فرۆید )ەوە بریتییە (( لەهەستکردنی مرۆڤ بەنەگونجاندن و دووری و بێگانە لەدەورو بەرو پێداویستی یە بایەلۆژییەکان و سێکسیەکان تێرنەبووە ، یاخوود بریتییە لەپەک کەوتنی مرۆڤ بۆ خۆقوتار کردن لەو مەلولی و مەینەتییەی کەبەسرووشتی مرۆڤەکانەوە بەستراوە لەئەنجامی ئەو کۆسپانەی دێنە پێش بۆ رێگاچارەیەکی نێوان هەوڵەکانی بۆگەیشتن بەمەیل و مەرامە غەریزەییەکان ، بەشێوەیەکی سەربەست و رەها لەلایەکەوە لەنێوان زەرورەتە کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و شارستانییەکان لە لایەکی ترەوە فرۆید نامۆبونی مرۆڤ دەگەرێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی لەپێوەرو یاسا کۆمەڵایەتیەکان دا دەردەکەوێت لەسەر چالاکی و غەریزە بایەلۆژییەکان مرۆڤ لەرێگەی دامەزراوە کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و مادییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ وەکو پێوەرێک نابێت مرۆڤ لێی لابدات ئەم نامۆبوونەش هەر لەسەرەتای منداڵییەوە دەست پێ دەکات ، چونکە لەسەری پێویستە پێی بڵێن نەکەی یان عەیبە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ترس و دڵەراوکێیەک ناچار حەزوو ئارەزووەکانی دەمرکێنێتەوە )) ( کەمال فاروق ، فرۆیدونامۆبوونی مرۆڤ ، گ. کاروان ، ژ ٧٠ ، ل 14 ) ، هەروەها نامۆیی

((ئەو حاڵەتەیە کەتێیدا ، جەورو زوڵم و جەفاو زۆرداری دەسەڵات سالاری و کۆمەڵایەتی ، گەوهەری مرۆڤ زامدار دەکەن وبەهاو قیمەتە مرۆڤایەتییەکەی دەست درێژی دەکرێتە سەرو دەشێوێنرێت)) ( فازیل شەورۆ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 14 )

لەروانگەی مارکسەوە نامۆیی (( بەمانا گشتییەکەی  بارودۆخێکی بەسەردا سەپێنراوە ، لەبوونی مرۆڤ دا کەلەبوونی راستەقینەی خۆی دوور دەخاتەوەو دەیانکاتە بێگانە ، مرۆڤ لەم بارودۆخەدا تووشی بێگانەیی دەبێت ،کەبوارەکانی خۆناسین و داهێنان و سەر بەستییەکەی دەگرێتەوەو رێگەنادات خۆی بکات بەو کەسەی خۆی دەیەوێت ، لەئاکامی ئەم بارودۆخەی بوندا مرۆڤ دەبێت بەکەسێکی دیکەو خۆی ون دەکات ژیانیشی دەبێت بەلاسایی کردنەوە ، هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کەجگە لەمرۆڤ هیچ بونەوەرێکی دیکە تووشی نامۆیی نابێت )) ( سوارە سەباح ، نامۆبوون لەروانگەی مارکسەوە ، گ. رامان ، ژ٢٢٢ ، 2015 ، ل 105 )

هەروەها وتراوە نامۆیی واتە (( هەست کردن بەتەنیایی و دووری و نەبوونی پێوەندی خۆشەویستی و هاورێیەتی لەگەڵ کەسانی ترو پچرانی ئەو پەیوەندیانە .)) ( سەرکەوت سەعدی قادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 18 )

یاخود وتراوە نامۆیی :-(( وشەیەکی دێرینی رەسەنی کوردی یە بەکەسێک دەوترێت کەرێنوشوێنی لێ گۆڕابێت واتا نامۆیی واتە لەدەست چونی دەسەڵات و گۆشەگیری و تورەیی و رق هەستان و پچران و تێکشکان لەواقیعی ژیان )) ( فەرمان حسن صالح ، مرۆڤ و نامۆبوون ، گ. رامان ، ژ ٢٤ ، ١٩٩٨، ل ٤٢ )

هەروەها نامۆیی لەفەرهەنگی نوێدا بریتیە : (( نەمانی پەیوەندی مرۆڤایەتی پەیوەندی مادی شوێنی دەگرێتەوە مرۆڤ وەک دەسەڵاتێکی نامۆ هەوەسی کەل و پەلی بەسەردا زاڵ دەبێ . )) ( کەمال معروف ، هەمان سەرچاوەی پیشوو ، ل ٧٥ ) . یان نامۆیی بریتی یەلەوەی کەوا(( مرۆڤ لەژینگەیەکەوە هەڵکەنرێ بۆ ژینگەیەکی تر ، بەجۆرێک پەیوەندی روحی لەناخی ئەو خودەدا لەلای سەبارەت زێدو ئازیزانی بێت )) ( سەرکەوت پێنجوێنی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 105 ) ، هەندێک جار نامۆیی دورکەوتنەوەی تاکە لەخودی خۆی ، یان پچڕاندنی تاکە لە کۆمەڵگەکەی بەگشتی و رەتکردنەوەی هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵگەیە ، هەندێک جار نامۆییەکە قوڵترو فراوانتر دەبێت و دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی تاک لە خودی خۆیی و ژینگەی دەوروبەری و کۆمەڵگاکەشی بەگشتی . نامۆبوون دەرهاوێشتەی ئەو حاڵەتە نێگەتیڤانەی کۆمەڵگایە کە تاک ناتوانێ لەگەڵی هەڵبکات سەرەنجام رەتیان دەکاتەوە ، زۆرجار مرۆڤی نامۆ توانای گۆڕینی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە نەگونجاوەی نییە و ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت ، چونکە چەسپاون هەر بۆیە بەناچاری پەنا بۆ کاری دیکە دەبات ، کەتەنیا خۆی بەرێوەبەرو هەڵسورێنەری ئەو جیهانەیە ، زۆر جاریش لەم ئاستە قوڵتر دەبێتەوە دەگاتە ئەو رادەیەی کەتاک نەک هەر نامۆبێت ، بەڵکو دژەکردایشی هەبێت و توند رەوانە رەفتار بکات ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەکارهێنانی توندرەوی و توندو تیژی دەرهاوێشتەی نامۆبوونە بەڵگە بۆ ئەمەش پێناسەکەی ( کینستۆن ) بەنموونە دەهێنینەوە کەلەبارەی نامۆبوونەوە دەڵێت :(( رەتکردنەوەی بەها باوەکانی کۆمەڵگەیەو

٣

**پاشەکشەکردنی لێی توندڕەوی کردن و یاخی بوون بەرامبەریان)) ( ئاری ئاغۆک ، بزاڤی تەغریبی ، 2003 ، ل 16 )**

**لەکۆی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا دەگەین بەو بڕوایەی کەزۆ جار مرۆڤ بە هۆی هەندێ بەهاوپاسا و ڕێسای کۆمەڵگەکەیەوە بەرامبەر بە کەسەکان یان شتەکانی دەورو بەریەوە ، وای لێ دەکات ببێتە کەسێکی نامۆو هەندێ جاریش لەو واقیعەی کەتێیدا دەژێت هەڵ بێت .**

**٤**

**بەشی یەکەم : تەوەری دووەم :**

**أ- تایبەتمەندی و نیشانەکانی کەسی نامۆ :**

**کەسی نامۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی و نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەو نیشانانەوە بناسرێتەوە لەوانە :**

**١- (( بەشداری نەکردن لەچالاکییە کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی ..... هتد**

**٢- بڕوانەبوون بەخۆیی و خۆبەکەم سەیرکردن لەچاو ئەوانی تر .**

**٣- ڕەشبینی لەژیان و بڕوانەبوون بەپاشە ڕۆژ .**

**٤- نەبوون و لاوازی خۆسازاندنی کۆمەڵایەتی و خودیی .**

**٥- نەبوونی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو ڕیبازێکی تایبەت لە ژیان دا**

**٦- لاوازی لە پلان دانان و بڕیار وەرگرتن لە کاتی پێویست دا .**

**٧- کەمی بەرهەمی جەستەیی و ئەقڵی و هونەری و ئەدەبی )) ( کاظم محمد زاهد ، پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ – فەیسبووک بە نموونە ، نامەی ماستەر ، 2015 ، ل ٤٧ )**

**کەواتە تایبەتمەندی کەسی نامۆ هەستکردنە بە دڵە ڕاوکێ و بێ ئارامی و پاشەکشێ لەگەڵ ئەمەش دا هەست کردنە بەکەمی و دوژمنایەتی و توون ڕەوی کۆمەڵگا لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە ، کەسی نامۆ بەوجیا دەکرێتەوە کەهیچ باوەری بەخۆی نییە و تەنانەت زۆر جار خۆشی ڕەت دەکاتەوە .**

**ب_ کەسێتی نامۆ وەک بوویەکی نەرێنی ( نێگەتف ) :-**

**ئەگەر بمانەوێ باس لەکەسێتی نامۆبکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کەوا کەسێتی نامۆ کەسێتیەکی ئاڵۆزەو خاوەن ڕەفتاری سەیرەو لە خەڵکانی دیکە جیاوازە ، کەسی نامۆ کەسێکە باری دەرونی و کۆمەلایەتی و تایبەتی بەخۆی هەیە توێژەران بەچەند جۆرێکی جیاواز پێناسەی کەسی نامۆ دەکەن (( کەسێکە لەیەکێک لە قۆناغەکانی ژیانی هەست بە مرۆڤ بوونی خۆی ناکات یان بەشێوەیەکی جیا لەکەسانی تر دەروانێتە ژیان بەشێوەیەک نەبوونی خۆی نەبوونی کەسانی تر هیچ بەهایەکی تری نییە تەنانەت هیچ ئامانجێکی لە ژیان دا نییەبەرامبەر بەهەڵوێستە کۆمەلایەتیەکانی خۆیی بەبێ لایەن دەبێت )) ( کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیایی گەشە ( منداڵ – هەرزەکار ) ، ٢٠٠٨ ، ل ٥٨٦ ) ، ئەم پێناسەی سەرەوە بۆ کەسیتی نامۆبوون باس زیاد لە فۆرمێ دەکات کە مرۆڤ دووچاری دەبێتەوە ، کەخۆی لەفۆرمی نامۆیی و دەرونی و کۆمەلایەتی دەبێتەوە ، کەئێمە ناوی دەنێین کەسێتی نامۆی نەرێنی (نێگەتف) ، بەومانایەی کایگەرییەکان لەسەر کەسی نامۆن و دادەبڕێن لەبەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتیی و سروشتی مرۆڤایەتییەکان و خۆی دەدۆرێنیت بەرامبەریان ، هەڵبەت دەبێت ئاگادار بین ئەم فۆرمە لەنامۆبوون دووچاری کەسە ئاسایییەکان دەبێتەوە ، واتا بەرۆکی خەڵکانێک دەگرێت کەهۆشیارییان کەمە و کەمتر خەریکی چالاکی و ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەو نوسین دەبن بۆیە نامۆیی لەڕەفتاریاندا دەردەکەوێت .**

**هەروەها کەسی نامۆ (( ئەو کەسەیە کە هیچ هەست بە گرنگی خۆی ناکات ژیانی نرخێکی ئەوتۆی نییە ئەوبڕوایەی لادروست بووە کە بوون و نەبوونی وەک یەک وایەو لەتوانایدا نییە هیچ گۆڕانکارییەکی پێویست لەژیانی خۆی و لە کۆمەڵگاکەیدا بکات و کلتوری ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی بەهی خۆی نازانێ و سەرەڕای**

**٥**

**ئەوەش بەچاوێکی گومان و دوودڵی سەیری خۆی دەکات لە سەرجەم ئەمانەش بەرەو نامۆ بوونی کۆمەڵایەتی**

**و ڕۆشنبیری دەرونی دەبەن )) ( کەریم شەریف قەرەچەتانی ، هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ،٢٠١٠ ، ل ٥٨٧ ) . لەم پێناسەشەوە ئەوە بەدەردەکەوێت کەکەسی نامۆ کەسێکە وەزیفەی خۆی لەدەست دەدات و خاوەن کەسێکی ئاڵۆزو ڕووخاوەو ئومێدی بەژیان نییە ، ئەو کاریگەرییە نامۆییانە کەلەسەر مرۆڤ دەردەکەوێت دیدێکی ڕۆشنبیری پێدەبەخشێت ، هیواکانی لەدەست دەدات ، وەک هەمان پێناسەی سەرەوە . جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبەشداری چالاکییە گشتیەکان نابێت و توانا مرۆییەکانی لەدەست دەدات و دووچاری چەندین گرێی دەروونی ئاڵۆز دەبێت .**

**پ- کەسێتی نامۆ وەک بوویەکی ئەرێنی ( پۆزەتڤ ) :**

**وەک لە پێشتردا بە شێوەیەکی گشتی باسی کەسێتی نامۆمان کرد وەک بوویەکی نەرێنی و ڕونمان کردەوە ، لێرەدا باس لە کەسێتی نامۆ وەک بوویەکی ئەرێنی دەکەین ، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەبکەین کە ئەم جۆرە لە کەسانی نامۆ وەک ئەوانی تر گۆڕان بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیاندا هاتووە ، بە هەمان شێوە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانیان کەم بوەتەوە و ،ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جیاوازیان نواندوەو هاوسەنگی دەروونیان لە دەست داوە ، بەڵام هەرگیز کەسێتی و شوناسی خۆیان لە دەست نەداوە ڕاستە زۆربەی زۆریان ڕەشبین بوون ، بەڵام بێ هیوا نەبوون لە ژیان ، گرنگیان بە ژیانی خۆیان داوە و سودیان لە تواناکانی خۆیان وەرگرتووە و لە چالاکیەکانیان نەکەوتوون ، هەر بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی وەک فەیلەسوف و بیرمەند ناسراوبوون ، یاخود وەک ئەدیب و هونەرمەندی داهێنەر خۆیان نمایش کردووە بە دەروونی ئاڵۆزەوە ، بەڵام بەچالاکی داهێنەرانە هاتونەتە ناو بواری گشتی و تایبەتیەوە ، هەندێکیان سەرەڕای داهێنانەکانیان هەر نەیان توانیوە بێنە ناو بواری گشتییەوە ، دواجار شێت بوون بە شێتی ئەم دونیایەیان جێ هێشتووە ، بەڵام نامۆبونەکانیان کردۆتە تێزی فەلسەفەو شاکاری نەمری و ئەدەبی تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی نەمریان پێشکەش مرۆڤایەتی کردووە ، (هاشم صالح) لە کتێبی (لە نێوان بلیمەتی و شێتیدا ) بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لەو مرۆڤە گەورانە دەدوێت و باسی ژیانی کۆمەڵایەتیان دەکات ، لێرە بە دوا بە هاوکاری کتێبەکەی (هاشم سالح)**

گەورە نوسەری عەرەب گەشتێکی خێرا بە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤە نامۆیانە دەکەین ، کە نامۆییەکەیان نەک لە کاری نەخستوون ، بەڵکو توانیویانە بیگۆڕن بە داهێنانی گرنگ و کاریگەر (هاشم صالح) لە سەرەتای کتێبەکەیدا بەم جۆرە باس دەکات (( لە زەمانی کۆنەوە خەڵکی باوەڕیان وا بووە پەیوەندییەک لە نێوان بلیمەتی و شێتی دا هەیە ، هەمیشە بە جۆرێک لە سڵکردنەوە باسی بلیمەتییەکانی دەکرد و دەیان وت کەسێکە کە ڕەفتارەکانی نامۆن ، کەسێتی ئاڵۆزی هەیەو لەخەڵکی دیکە جیاوازە ، لەڕاستی دا ئەگەر ناوی نووسەرەگەورەکان ڕیزبکەین دەبینین زۆربەیان گەر نەڵێین هەموویان ئاوێتەیەکی دەروونی و تایبەتی ناسروشتیان هەبووە بگرە هەندێکیان بەتەواوەتی چوونەتە قۆناغی شێتبوونەوە . هەربۆنموونە ( هۆڵدەرلین – نیچە - جیرادو نیڤاڵ – ئەنتۆنین ئارتر ، ڤانکوخ ، جدی مۆپاسان ، فیرجیناوۆڤ ، ئاڵتۆ سیۆ ... هتد ))) ( هاشم صالح ، لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا ، 2003 ، ل 3-13 ) لەم پەرەگرافەی سەرەتای کتیبەکەدا هاشم ساڵح باسی دیدی خەڵکانی دیکە دەکا بۆ کەسەنامۆکان ، کەخەڵکی

٦

پێیان وایە ئەم جۆرە مرۆڤانە وەک مرۆڤەکانی دیکە نین لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزرییەوە بۆیە هەم

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی یان هەم بیرکردنەوەیان ، یاخود کۆمەڵێک شتی دیکەیان جیاوازە لەخەڵکانی تر ، هەر بۆیە بە کەسی نامۆ ناودەبرێن ، یان هەندێ جار بەشێت ناوبانگ دەردەکەن .

گومان لەوەدا نییە کە (( ( نیچە ) یەکێکە لەفەیلەسووفە گەورەکان ، لەگەڵ ئەوەش دا لە دوادوای ژیانی دا بەتەواوەتی شێت بوو . بۆماوەی (11) ساڵ هەتامردن هەربەو شیوەیە ماویەوە ، هەروەها هۆڵدەرین یەکێکە لە مەزنترین شاعیرانی دوونیا کەچی نزیکەی نیوەی ژیانی لەدەربای شیێی بەسەر برد. لەساڵی ( 1859 )

، ( مۆرۆدوتور )ی نوژداری دەرونی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لەبارەی کەسایەتی( جیرادۆنیرڤاڵ)ی شاعیرەوە نوسی لەولێکۆڵینەوەیەدا سەلماندوویەتی ئەم شاعیرە خۆی کوشتوەو دووچاری نەخۆشیەک بوو بوو هەرئەمەش هاندانی داهێنانەکانی بووە ، ( گۆتە ) ئەو پیاوە بلیمەتەی هەموو ئەڵمانیا شانازی پێوەدەکەن هەروا بە ئاسانی داهێنانە گەورەکانی پێشکەش نەکردووین ،دووچاری چەندین جۆری قەیران و لەرزینی دەروونی ئازار بەخش بووەتەوە ، لەڕاستی دا ئەویش زۆر بەگرانی نرخی بلیمەتی و داهێنانەکانی خۆی داوەو جورئەتێکی وای بۆدەهات کەهەندێ جار دان بەوەدابنێ کەلەڕووی دەروونییەوە نەخۆشە ، دووچاری موعاناتێکی بێ ئامان بووەتەوەو نازانێ کرۆک و هۆکاری ئەو موعاناتە چییە ، ئیدی گەیشتە ئەو گرێیەو هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەریدا نەبوایە داهێنان نەدەبوو کەسایەتی نەخۆش لەمیانەی داهێنانەوە دەتوانێ هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ ناکۆکی دژایەتی نێوان داهێنەر و جیهان دەگاتە ئاستێکی زۆر ژیانی لێ دەشێوێنێ بەجۆرێک ناتوانێ خۆشی لەژیان وەربگرێت ،لەهەندێ زۆرساتی کەمدا نەبێت . هەروەها ( بەلزاک ) بەشەو دەینووسی و بەرۆژ دەنووست ،بەم چەشنە ڕۆمانەکانی بەرهەم دەهێنا ئەم ژیانەش سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی جۆرێکە لەشێتی ، چونکە سەرجەمی خەڵک وا ڕاهاتوون کەبەشەو بنوون و بەڕۆژیش کار بکەن ...))

(هاشم صالح ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 3- 13 ) . ئەمانەو چەندین سەرگوزەشتەی دیکە هەن لەبارەی ڕەفتاری نامۆییەوە و بەشێکی زۆری فەیلەسوفان و بیرمەندان و ئەدیبان بەشێوەیەکی گشتی نامۆبوون لای ئەم مرۆڤانە هەستی پێدەکرێت ، ئەگەرچی کەسانی بلیمەت بوون ، بەڵام دواجار تەنیا داهێنان لەکەسانی تری نامۆ جیایان دەکاتەوە ،نامۆیی لای ئەو مرۆڤانە سەرەتا بەگرێیەک دەستی پێ کردووەو دواتر بەقوڵایی دەرون و ڕۆحیان درێژدەبێتەوە و لەڕەفتاریاندا دەردەکەوێت و پاشان لە ئاستێک دا دەیگرن و دەیکەن بە داهێنان لەدوای خۆیان وەکو میراتێکی گرنگ و بایەخدار بۆ مرۆڤەکانی دوای خۆیان بەجێی دێڵن .

ت - هۆکارەکانی نامۆیی( نامۆبوون ) :-

ئاشکرایە کە مرۆڤ لە خۆوەو لەخۆڕا تووشی دیاردەی نامۆیی نابێت ، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکار وای لێ دەکەن کە دووچاری بێت ، هەروەها نامۆبوونی مرۆڤ تەنیا یەک هۆکار نییەو ، تەنیا یەک دیاریدە بەتەنیا ناتوانێت مرۆڤ تائەبەد نامۆبکات ، نامۆبوونی مرۆڤ هەمەجۆرو فرەلایەنە و مەرج نییە ئەوهۆکارەی کەسێک دووچاری نامۆبوون دەکات هەمان هۆکار بێتە هۆی نامۆبوونی کەسێکی دیکە ، وەک چۆن ڕادەو سنورو کاریگەرییەکانی وەک یەک نین ، توێژەرەکان بەپێی پسپۆری خۆیان چەند هۆکارێکی جۆراوجۆرو فرەچەشنیان دیاریکردووە ،

٧

کەوا لەمرۆڤ دەکەن نامۆبێت لەخۆیو دەوروبەری ، لێرەدا بەگشتی باس لەو هۆکارانە دەکەین کەتوێژەران وەک

هۆکارێکی بنەڕەتی دەسنیشانیان کردووە بۆ نامۆبوونی مرۆڤ :-

١- هۆکاری سرووشتی : ئەم هۆکارە (( بەیەکەمین هۆکار دادەنرێت لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەکات ، هۆکاری سروشتی کاتێک مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەکا کارەساتی سروشتی لێ بکەوێتەوەو ترس لەدڵی مرۆڤ دروست بکات )) ( ئاشتی حەمە ، سەبارەت بە چەمکی نامۆبوون ، گ. کاروان ، ژ ٧٩ ، ل ٨٧ ) مەبەستمان لە کارەساتی سرووشتی وەک ( لافاو ، بومەلەرزە ، بورکان ، ترسان لەئاژەڵی دڕندەو...هتد) .

٢- هۆکاری ئابووری :-ئەمەش بەیەکێکی تر لەو هۆکارانە دادەنرێت کە (( مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەکەن بەتایبەتی لای مارکس مەسەلەی چینایەتی نامۆبوونی کرێکار لەبەرهەم و کارەکەی ، نامۆبوونی کرێکارلەخوودی خۆی ، نامۆیی کرێکار لەکەسانی تر کێشە ئابوریەکانی وەک بێکاری دابەزینی ئاستی گوزەران نەبونی گرەنتی کۆمەلایەتی )) ( ئابکرلەتیف ، نامۆبوون ، گ. نەوشەق ، ژ ٣٢٩ ، 2005 ، ل50 )

٣- هۆکارری دەروونی :- ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ تووشی نامۆبوون دەکات (( زانای ئەڵمانی کارین هۆرنی سەرچاوەی نامۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ فشارە ناوەکییەکانی مرۆڤ . ئەم فشارە والە مرۆڤ دەکات بەزۆرترین ئاستی تەواوکاری بگات . هەتاوەکو نموونەیەکی باش بۆخۆی بهێنێتەدی و دەروونی خۆی بگەیەنێتە ئەو وێنایەی کەخۆی دەیکێشێت ،هاوکات پێی وایە ململانێ لەنێوان پاڵنەروو حەزو پێداویستیەکانی کاریگەریان لەدەرکەوتنی دیاردەی نامۆبوون هەیە کەناتوانێت تێریان بکات ئەمەش دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و

شڵەژانی کەس )) ( کاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠ ). دیارە هەموو ئەمانەش کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خودی کەسەکە دەبێت .

٤- هۆکاری کۆمەڵایەتی :- ئەم جۆرەش بەهۆکارێکی دی دەژمێرێت لەو هۆکارانەی مرۆڤ دووچاری نامۆیی دەکەن ، وەک (( نەگونجاندنی تاک لەگەڵ دەورو بەرەکەی و نەگونجاندنی حەزوو ئارەزووەکانی لەگەڵ کەلتورو داب و نەریتی ، گشتی جگە لە نەگونجانی تاک ، لەگەل پێوەرەرە کۆمەڵایەتیەئەخلاقیەکان دا ، ڕێگرکردنی کۆمەڵ لەحەزوو ئارەزووەکانی )) ( کاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوە ، ل٤٠ ) دەتوانین ئەوەبڵێین ئەم جۆرەیان لەناو کۆمەڵگەدا بەڕوونی لە کەسەکاندا بەدی دەکرێت .

٥- هۆکاری سیاسی : یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی نامۆیی و دەکرێت ئەم هۆکارە ڕۆڵێکی گەورەی لەدەرکەوتنی نامۆیدا هەبێت (( چونکە دەزانین بەهۆی باڵادەست بوونی دەوڵەت بەسەر گشت بوارەکانی کۆمەڵگە چ لەڕووی مەدەنییەتەوە بێ یاخوود گۆڕانکاری لەبوارە جیاوازەکانی دیکەوە بێت ئەمە وا لە ئەندامەکان دەکات هەست بە بێتوانایی و نامۆیی خۆیان و کەسەکانی ترو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا بکەن هەروەها ( شەڕی ناوخۆ و ڕاونان و تۆقاندنو سەر کوتکردندەسەڵاتی دیکتاتۆری مرۆڤ کوژ... هتد))) (کاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوە ، ل٤٠ ) هەموو ئەمانەش هۆکارێکی سەرەکین بۆ تووشبونی مرۆڤ بەدیاردەی نامۆیی.

٦- هۆکاری ئاینی : ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کەمرۆڤ دووچاری نامۆیی دەکات بەتایبەتی (( ئەو کاتەی دووچاری توندوو تیژی دەبێتەوە یاخوود خاوەنی ئاینێکی تربێت کەجیابێت لەئاینی زۆرینە هەروەها

٨

بەهۆی حەزە جۆراو جۆرەکانیەوە کاریگەرییان لەسەر ئاستی هزری و ڕۆشنبیرییەجیاوازەکانی کۆمەڵگە هەیە ،

چونکە بونەتە هۆی دروستکردنی ململانێ لەنێوان بەهاو پێوەرە بنچینەییەکان ئەوڕێنویانەی کەهەن لە کۆمەڵگادا ئەمانەش دەبنە هۆی ململانێی ئایدۆلۆژی توندو تۆڵ سەرەنجام سەردەکێشێت بۆدەرکەوتنی کەنار گیری جیاکاری کۆمەڵایەتی و دڵە ڕاوکێی دەرونی و دیاردەی نامۆ بوون لای کەسەکانی ناو کۆمەڵگە . )) ( کاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوە ، ل ٤٠ ) .

ج - جۆرەکانی نامۆیی ( نامۆبوون ) :-

وەک ئاشکرایە کەوا تەنیا یەک جۆر نامۆبوون بوونی نییە ،بەڵکو زیاد لە فۆرم و جۆرێک هەن ،بەپێی تێپەربوونی کات و کۆن بوونی مێژووی مرۆڤ جۆرو فۆرمی نامۆبوون زیاترو زیاتر دەبن .( کات و گۆڕانە سیاسی و ئابووری کۆمڵایەتی و کلتورو تەکنەلۆجیاکان ... هتد ) هۆکاری بنەڕەتین لەزۆر بوونی فۆرم و شێوازی تازەی نامۆبوونی مرۆڤ .

تایبەتمەندی ئەم جۆرانەی نامۆبوون لەوەدایە کەزۆر دەبن وتابێت زیاتر دەبن و جۆرە کۆنەکانی نامۆبوونیش هەربەبێ چارەسەری بنەڕەتی دەمێننەوە . ئێمە بەو دەرئەنجامە گەیشتوین کە ئەم چەمکە لەزۆر ڕوانگەی جیاوازو گۆشەنیگای پسپۆری جۆراو جۆرەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە ، هەرئەم هۆکارەش وایکردووە زیاد لەفۆرم و جۆرێکی نامۆیی هەبێت، ئاماژە بۆ هەموو جۆرەکانی دەکەین ، بەڵام تەنیا باس لەو

جۆرانەی نامۆبوون دەکەین کەزۆر باو و بڵاون و زیاتر دووچاری مرۆڤ بونەتەوەو تائێستاش هەربەردەوامن . لە گرنگترین جۆرەکانی نامۆبوون :-

١- نامۆبوونی خودی ٢- نامۆیی جوگرافی ٣- نامۆیی کۆمەڵایەتی ٤- نامۆیی سیاسی ٥- نامۆیی ئاینی ٦- نامۆیی ئابووری ٧- نامۆیی ڕۆشنبیری ٨- نامۆیی سێکسی ٩- نامۆیی فیکری ١٠ - نامۆیی سۆفیگەری .

١- نامۆیی خودی :

ئەم جۆرە لەنامۆیی لەتێڕوانینەوە بۆ بوون سەرچاوە دەگرێت ، کەلەژیانی مرۆڤدا هیچ بەهاو ئامانجێکی لەپشتەوە نییە و مرۆڤ لە بوونی خۆیدا ئەو بۆ شایيە دەپێوێت کەدەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە ، واتە ئاکامی ژیان مادام هەر مردنەو بەمردنیش کۆتایی دێت ، ئیر هیچ پێویست ناکات مرۆڤ خۆی بەبوونی ژیانەو سەرقاڵ بکات ، چونکە بوونی مرۆڤ لەدونیادا وەک چەند بڵقێکی سەرئاوەو یەک لەدوای یەک دەتەقن و دەپوکێنەوە ، لەبنچینەدا (( نامۆیی خود ( Alienatus ) ی لاتینیە بەمانای لەدەست دانی کەسایەتی خوود دێت ، زۆرجار تاک ناتوانێت مومارەسەی ماف و داواکاری حەزو ئارەزووکانی خۆی بکات و کۆمەڵگە دەبێتە لەمپەر لەبەدیهێنانی ئەو حەزو داواکاریانەی ، ئیتر کۆمەڵگە بەسەربازگە دەشوبهێنێ وەکو دەزگایەکی سەرکوت کردنی حەزو ئارەزوەکان و داچەپاندنی مەیل و بۆچوونەکانی کەناتوانێت لەم سەربازگەیە گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆی بکات بۆیە هەست بە نائارامی دەکات لەحاڵەتێکدا کەدەروون نەخۆش دەبێت یان دوورکەوتنەوەو

٩

گۆشەگیردەبێت دەوری نابێت و نەشاز هەڵسوکەوت دەکات و لەگەڵ دەوروبەری ناگونجێت )) ( یوسف عوسمان حەمەد ، ئەنتی کەسایەتی ( خەسڵەتی نامۆبوونی تاک ) ، گ. ڕامان ، ژ ٧٣ ، 2002 ، ل 202 ) دەبێتەجێگەی سەرنج ڕاکێشانی کەسانی ترو جیاواز دەردەکەوێت و ناتوانێت لەگەڵ کەسانی تردا بژێت و هەڵسوکەوت بکات .

وە یەکێک لەوخاڵەجەوهەریانەی لەلای کەسی نامۆبوو لەم بوارەدا گرنگی زۆری پێ دەدرێت و دەبێتە مایەی سەرنج پێدانی مەسەلەی ژیان و مردنە .

٢ - نامۆیی جوگرافی ( شوێن ) :

زۆربەی لێکۆڵەران لەبواری نامۆیی جوگرافیادا وەک دابڕان و دورکەوتنەوە لەنیشتمان و ئاوارەیی دادەنێن ، سەرەتای پەیدابوونی ئەم جۆرەنامۆییە کەبەنامۆبوونی شوێنی گوزارشتی لێ کراوە دەگەڕێتەوە سەردەرکردنی داپیرەو باپیرەی ئادەمیزاد لەبەهەشتی خودادا بەهۆی سەرپێچی کردنیان لەفەرمانەکانی خودا ، بەوەش ئەم هەستی نامۆییە بۆ یەکەم جار وەک سەرەتا لەمێژووی مرۆڤایەتی سەلمێنرا ، بۆیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەرلەبنەڕەت دا مرۆڤێکی نامۆیە .

نامۆیی جوگرافی (( گواستنەوەیەکی جوگرافیانەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ، لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری ژیان ،لەڕۆشنبیریەکەوە بۆڕۆشبیرییەکی تر یان لەهەرێمێکەوە بۆهەرێمێکی تر...هتد بۆکارێکی دیاریکراو بێگومان ئەم جۆرەنامۆییە بەویستی تاکەو بەزۆرە ملێ نییە ، چونکە خۆی بەویستی خۆی وڵاتی بەجێهێشتوە ، بەڵام کەسیری ئەم

پێناسەیەبکەین کەدەڵێ : ڕاگوێزانی کەسێکە لەژینگەکەی خۆی بۆژینگەیەکی تر دووربێت یان نزیک ))( سەرکەوت سەعدی قادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 45 ) مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەم شێوازەش لەنامۆبوون بەزۆرە ملێ یەو هیچ ویستێکی تاکی لەسەر نییە ، بەڵکو لەوانەیە بەهۆکاری سیاسی بێت ، لێرەدا بەپێویستی دەزانین تیشکێک بخەینە سەرنامۆبونی نوسەر مەبەستمان لەنامۆبوونی نووسەر ئەوەیە نوسەر ناتوانێت بەردەوام بەئاشتی لەگەڵ شوێن و زەمەنی کۆمەڵایەتی دا بژێت و شوێنێک نییە نوسەر بەخۆیەوە ببەستێت ئەگەربێت و ئەوشوێنە بەشێکی زۆری لەتاک ڕەوی ئەوی تێدا فەراهەم نەبێت ، کێشەی نووسەر بەو بەها کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زمانەوانیە کەهەیە، ئەونامۆییە بەو کلتورەی کەهەیە نامۆیە بەوجۆرە زمانە و ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی نوسەرە بەوەی کەهەمیسشە بەدووی تاکێتی خۆیدا دەگەرێت شوێن ئەو ئایدیاو بیرو ڕایانەیە کەبەردەوام تەعبیرو کێشمەکێشی جیهان و خودی دەکەن نووسەر بەهیچ شێوەیەک خاوەنی شوێن نییە ، لەبەر ئەوەی بەتەنیا گواستنەوەی نوسەر لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر نامۆیی لای نووسەر دروست ناکات ، چونکە دەکرێت نوسەر لەیەک شوێن دا بێت نامۆبێت بەرامبەر شتەکانی ئەو شوێنە ، دەکرێت نووسەر لەیەک شوێن دابێت و نامۆبێت بەکەلتورو ئایدۆلۆژیای ئەوشوێنە ،(( ( دیکارت) فەرەنسای دڵرەق جێهێشتوە رووی لە هۆڵەندای هێمن کرد بەومەبەستەی جوگرافیای وەک چەکێک لەبەرامبەر هێرشەکانی مێژوو ( کات ) دابەکار بهێنێت ئەگینا ئەو بەدوای ( جوگرافیا شوێن دا نەدەگەڕا )) . ( توانا ئەمین ، مەنفاو خوێندنەوە ، 2008 ، ل 28 )

١٠

٣- نامۆیی کۆمەڵایەتی :

ئەمەش یەکێکی ترە لەجۆرەکانی نامۆیی و نەگونجاندنی تاکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کەتیایدا دەژی نامۆی کۆمەڵایەتی ((واتا نەبوونی ئامانجی کۆمەڵایەتییە لای کەسی نامۆ بەشێوەیەک کەنەتوانێت ڕەفتارو بیروباوەڕەکانی خۆی ئاراستە بکات یان نەبوونی پێوەرە کۆمەڵایەتییە نەگۆڕەکان کەسەنامۆکە واهەست دەکات ئەگەر بیەوێت ئامانجەکانی بهێنێتەدی نابێت کار لەپێوەرەکۆمەڵایەتی و ڕەوشتە باوەکانی کۆمەڵگا بکات ))

( سەرکەوت سەعدی قادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 50 ) ، بێگومان درووست بوونی ئەم حاڵەتە لای تاک هەروا لەخۆوە نییە ، بەڵکو لەئەنجامی ئەوەیەکە پێشوتر کۆمەڵگە لەگەڵ تاک نەگونجاو بووە .
هەروەها نامۆبونی کۆمەڵایەتی ئەو جۆرە نامۆییەیە وەک زۆرێک لەبیرمەندان وای بۆ دەچن کە(( دابڕانی تاک وە جیابوونەوەی لە کۆمەڵگاو گرنگی نەدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو دژایەتی کردنی ئەو شتانەی کەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکو ئاراستە دەکات یان دژایەتی کردنی ئەودۆخە نەریتی وچەسپاوە کۆمەڵایەتییەی لەکۆمەڵگەداپیادە دەکرێت باون ودێتە کایەوە )) ( بەختیارعەلی ، خوێنەری کوشندە ، 2005 ، ل 56 )

هەروەها دووره پەرێزی تاک لەدام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و نەگونجاندن و ناتەبایی تاکە لەکۆمەڵ دا و گرنگی نەدان بەگروپ و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ، کە لەسەر هەندێک بیرو باوەڕی چەق بەستوو دەژین ،کەسەردەمیان بەسەرچووەو بەچاوێکی سووک سەرنج دانی ئەو بەهاو ئامانج و باوەڕانەی کەلەڕاستی دا لەناو کۆمەڵدا خاوەن بەهای بەرزن و ئیتر مرۆڤ ناتوانێت ئەو پەردانە بنیاد بنێ کەخۆی و ئەوانی دیکەی دەگەیاند بە یەکتری .

٤- نامۆیی سیاسی :

ئەم جۆرە لە نامۆیی دۆخێکی ناڕازی بوونە لەڕەوشتی سیاسی و هاوکات نەبوونی متمانەیە بەدامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی و کۆی سیستەمەکە بەگشتی ، لەگەڵ بێ هێزی لەئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست.

یاخود نامۆیی سیاسی بریتییە لە (( ناڕازیبون و ڕەتکردنەوەو بەگژاچوونەوەی ئەم سیستەم و نەریتە سیاسیەی کە لەگەڵ خواست و ئامانج و داواکارییەکانی تاک دا یەک ناگرنەوە ، یاخود ئەو سیستەمە سیاسیەی کەجیاوازی ڕەگەزو ئاین و نەتەوەو نەژاد لە نێوان هاوڵاتیان دا دەکاتە بەهانەی سەروەری باڵادەستی لایەک بەسەر لایەکی دیکەدا یان زۆر جار ئەم دۆخە لەئەنجامی ئەوبارو دۆخە نالەبارو نائاسایە سیاسیەدا دێتە کایەوە کەوڵات توشی دەبێت بەهۆی قەیرانی سیاسی یان کودەتا کەدەشێت کەمینەیەک یان گروپێک لەکودەتاکە سەربکەون و وڵات بەرەو دۆخێکی نالەبار و سەقامگیر بەرن ، یان زۆر جار شەڕی ناوخۆ وەک لایەنێکی گرنگ پێناسەکراوە لەبەرهەمهێنانی نامۆییدا بەتایبەتی نامۆیی ڕامیاری ، چونکە کاتێک شەڕو جەنگ دەبنە ئەڵتەر ناتیفی ودیالۆگ و تێگەیشتن ، دۆخێکی دژوارو ناتەندروست باڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا دەکیشێت وسەرجەم ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە تووشی بارێکی دژواری سایکۆلۆژیا دەبن )) ( ئارام محمد قادر ، نامۆیی لەشیعری کوردیدا ، نامەی ماستەر ، 2007 ، ل٢٢ ). ئەم حاڵەتەی سەرەوەش کەباسمان کرد زۆر جار دەبێتە هۆکارێک بۆئەوەی نامۆیی تاکی لێ بکەوێتەوە ، یاخود هەرکاتێک ئەو مەبەست و ئامانج و دروشمە سیاسییانەی کەپەیڕەو دەکرێن لەوڵات دا لەلایەن

١١

کار بەدەست و فەرمان ڕەواکان و دەزگا و دامەزراوەکان ناکۆک و ناتەبابوو لەگەڵ ئامانجی تاکەکانیدا لەرێگەی هێزو زەبروزەنگەوە هەوڵی سەلماندن و جێبەجێکردن و پیادەکردنی دراوە و دەوڵەت پەنای بردە بەر توندوتیژی وەک میکانیزمی جێبەجێکردن ، ئەوا ئەوکاتە دەبێتە هۆی سەر هەڵدانی ئەم جۆرە نامۆییە ، ئەم جۆرە نامۆییەش لای تاک پێی دەوترێت ( نامۆیی سیاسی ) هەربۆیە تاک لە ئاکامی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەو نادادت پەروەرانەدا تووشی هەستکردن بەبێ توانایی و بێدەسەڵاتی دەبێت لەبەرامبەر ئەو ستەمەی کەلایەن دەسەڵاتەوە لێی دەکرێت و نائومێد دەبێت لەوەی بتوانێت لەرێگەی بەشداری کردن و چالاکییەوە ئەو دۆخە ناسەقامگیرە بگۆڕێت ، هەربۆیە ئەمەش وا لەکەسەکان دەکات کەتووشی ئەم جۆرە نامۆییە بین بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەیان .

٥ - نامۆبوونی ئاینی :

هەرچەندە ئاینەکان جۆراوجۆرن ، بەڵام لەهەموو ئاینەکاندا ئەم جۆرە نامۆبوونە بوونی هەبووە ، هەریەکەو ڕاڤەو شیکاری تایبەتیان لەجۆرو دروست بوونی و دەرکەوتنی لای مرۆڤ بۆ کردووە هەروەک چۆن پێغەمبەر ( د.خ ) دەفەرمووێت : ((بدأ الاسلام غريبا ، و سيعود كما بدأ غريبا ، فطوبى للغرباء )) ( كاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧ ). ئیسلام بەشێوازێکی ناوازەو نامۆ دەرکەوت ، هەروەها لەداهاتووش دا بەنامۆیی دەگەڕێتەوە ، وە لەئاینەکانی دیکەشدا ئاماژە بە نامۆبوون کراوە وەک قەشە ( پۆلیس) دەڵێت : (( پێتان دەڵێم بەیەزدان ، سوێنتان بۆ دەخۆم چی تر شوێن بت پەرستان مەکەون و ڕێبازی پوچ و کوێرانە پیادەمەکەن ، ئەوانەی بەهۆی دڵرەقیانەوە لە ژیان نامۆبوون کاتێک هەموو هەستەکانیان لەدەست دەدەن مل دەدەن بەرەو خراپەکاری لەبەدرەوشتی سڵ ناکەنەوە وەخۆیانی لێ لانادەن )) ( كاظم محمد زاهد ، هەمان سەرچاوە ، ل٣٧ ) ئەمە بەواتای جیابوونەوە لەیەزدان دێت . بێگومان مرۆڤ لەژیانی هاوچەرخیشدا ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕەها لەژێر کۆنترۆڵ و کاریگەری ئاین و دامەزراوەکان دەربازی ببێت هەربۆیە (( هەمیشە کێشەی مرۆڤ کۆتایی هاتنی ژیان لەو پرسیارە گرنگ و جەوهەرییانەن کەلەلای مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی لەگەڵ ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤ دا هاتووە ئەگەری مەرگ لەناو چوون هاوکات بووە لەگەڵ ژیان و بووندا یەکێک بووە لەو بابەتە گرنگانەی کەبۆ مرۆڤ مایەی تێڕامان و بیرکردنەوە بوو )) ( ئارام محمد قادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل20 ) ، بەڵام هەندێکی دیکە لەزانایان و لێکۆڵەرەوان بەپێچەوانەی ئەوانەی پێشووتر پێیان وایە دوورکەوتنەوە لەئاین و خودا گرنگترین فاکتەرە کەمرۆڤ تووشی نامۆیی دەکات ، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێن مرۆڤ کە دروستکراوی پەروەردگارە پێویستە لەسەری لە پەیوەندییەکی گەرم گوڕدا بێت لەگەڵ خودای خۆیدا و لەنەریت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و فەرمانەکانی خودا دەرنەچێت و لەژیانی تایبەتی خۆیدا هەوڵ و کۆششی لەپێناو ڕازی کردنی پەروەردگار بێت و ژیانی ئەم دونیایی مرۆڤ هیچ بەهاو نرخێکی ئەوتۆی نییە و چەند ساڵێکە و دەبڕێتەوە ، هەربۆیە مرۆڤ پێویستە بۆبەدەست هێنانی دنیای نەبڕاوەو بێ کۆتا تێبکۆشێت و هەوڵ و تەقەڵاکانی خۆی لەم دنیایەدا بۆکۆکردنەوەی زەخیرەی ئەودنیا بێت .ئەمانە گرنگترین جۆرەکانی نامۆبوون بوون، کەڕەنگە لەلای زۆربەی کەسەکان یەکێ لەم جۆرانە یان زیاتر بوونیان هەبێت ، بەتایبەتی لای چینی ڕۆشنبیران ، چونکە ئەوان لەهەموو کەس زیاتر هەست بەدیاریدەکانی ژیان دەکەن و پێی دڵتەنگ دەبن و جۆرە نامۆبونێک لایان دروست دەبێت.

١٢

## بەشی دووەم :-

نامۆیی لە هۆنراوەکانی ( جەمال غەمبار ) دا

بەشی دووەم :-

نامۆیی لەهۆنراوەکانی ( جەمال غەمبار ) دا :

بێگومان شاعیرانی هاوچەرخیش بەهەمان شێوەی شاعیرانی قۆناغەکانی تر ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیرانی هاوچەرخیش بێبەش نەبوونە لە تووشبون بە یەکێک لە جۆرەکانی نامۆیی و هۆکارەکانی و، هەریەکەیان بەپێی ئەو بارودۆخەی کەتێیدا ژیاون دیاردەکە تیایاندا چەسپاوەو لەهۆنراوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە ،( جەمال غەمبار ) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تووشی نامۆی بووەو بە ئاشکرا لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە ، ئەوەی کارەکانی جەمال غەمبار دەگەیەنێتە ئاستی سەرسووڕمان بەر لە هەموو شتیک سیحری ناونیشانەکانیەتی ، سیحری ناونیشان ئەو سیحرەیە دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە نامۆیی لەناو هۆنراوەکانی ببێتە دەستپێک ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا مامەڵە لەگەڵ چەکێکدا دەکەین کە بۆ خۆمان ناومان لێ ناوە یۆتۆبیای نامۆیی مەبەستمان لەمە جیاکردنەوەی جۆری نامۆبوونە لە هۆنراوەکانی جەمال دا وەکو دەرکەوتەیەکی جیاواز و هۆنراوەی جیاواز لەهەر شاعیرێکی کورد ، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ قەصیدەی (( نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە .... نامبیستیت چەند لە گۆرانییە بێڕەنگەکانی ئاو ئەچم !)) ( جەمال غەمبار، نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە ، 2012 ، ل 157 ) سەرەتای ئەم باسە بە چەند پرسیارێك دەست پێدەکەین ، ئایا لەم قەصیدەیەدا خاوەن جۆرێکی تایبەتی نامۆیین؟ یاخود لە یەك کاتدا چەندین جۆر نامۆیی لەم قەصیدەیەدا دەدۆزینەوە؟ مەبەستمان چییە لە( یۆتۆبیای نامۆیی )؟ ئایا مامەڵەکردنی جەمال تایپێکی ترە لە نامۆیی ؟ دەستپێك لەم قەصیدەیە وەکو هەر کارێکی دیکەی جەمال لە بەرامبەر سیحری ناونیشان داین ناونیشانێك هەمیشە بەپرسیارێکی وجودی لە بەرامبەر خوددا دەست پێدەکات (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە )پرسیارێکە لە بەرامبەر خودێکدا خودێکی نامۆ و پرسیارکەر ، ئەوەی وا دەکات لەم خودە نامۆ دەردەکەوێت گومانی شاعیرە لە بەرامبەر بەشێك لەهەست کە لێرەدا لەم جۆرەدا دەردەکەوێت ببینە ئەم گومانکردنە ، لە بەرامبەر کەسی دووەمی تاك دا ،یاخود بەرامبەر تۆیەك کە غائیبە و یاخود پێی نامۆیە، دەکرێت لە دەرکەوتنی یەکەم دا ئەم (تۆ) یە نیشتیمان بێت کە هەستی بینینی لە دەست داوە لە بەرامبەر وێنە نامۆکانی شاعیردا ،بەڵام کاتێك بەشی دووەمی ناونیشانەکە تاماشادەکەین (نامبیستیت چەند لە گۆرانیە بێڕەنگەکانی ئاو ئەچم !) گومانی شاعیر لە ئاستی بینینەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستێکی دیکەی هەست و ئەو کاتە شاعیر دەکەوێتە بەردەم نیشتیمانێکی کەڕ ، کە بەتەواوکردنی وێنەکە ئێمە لەبەرامبەر تۆیەك داین ،نەهەستی بینین دروست کار دەکات نەهەستی بیستن لێرەوە خودی نامۆ بەرامبەر جۆرێك لەنامۆیی دایە ،کە لەتەواو کردنی وێنەکەدا شاعیر خودێتی خۆی لە دەست دەدات. ونبوونی خودێتیەکەی لە نێوان نەبیستن و نەبینینی ئەودا دەگاتە کەماڵ .

جەمال غەمبار دەڵێت :

(( هەتا شینبوونی خەیاڵی شاعیرێك

بە قامەتی گوناهەوە .

هەتا دامرکانەوەی دەقێك

لە نوێژی ئیماندارێکا .

١٣

هەتا خۆم ، هەتا ئەم شاعیرەو هەر ئەڤین ،

هەتا شکانی بادەی ئەم گریانە هەر فڕین .

هەتا ئەوێ با هەر چی گڕی سۆزی عاشقان هەیە

لە خەرمانی هیجری من بەربێت ،

باگوڵەکانی سینەم لە گەڵ هەناسەکانی تۆدا
بمرن ئەی تەنیا!
باشەقام و درەختە غەریبەکانی ئەوێم
لەگەڵ ئێوارەی تۆدا پیاسەیەك بکەن ئەی تەنیا!
نازانم چەند شاران گەڕاویت
تاکو منی بێ حکمەتت دۆزییەوە ...
هەتا ئەوێ هەر تۆ و هەر فانۆسەکانی خوا
لە کوچەکانی ئاودا ، هەتا ئەوێ
پیاسەیەکی دەمەو مەغربی تەنیایی و
هەتا پڕبوون لە بۆنی ماچ
لە گورانییە شەوقدارەکانی مەیخانەی دڵ ...
هەتا سووراوی ئەم شعیرە بەر
لێوانی مەربەمێکی مەست ئەکەوێ
باگوڵ شاهید بێت کێ وڵاتەکەی منی
خستەسەر کەڵکەڵەی جێهێشتنی خۆی و
کێ دەستی کرد بەدڵی وەنەوشەکانیدا و
کێ بۆ یەکەمین جار خەریتەی جوانییەکەی
لە بەیانییە تەڕەکانی (( ئاسیا )) کردەوە
ئاوەکانیشی پڕکرد لە مەعنای مل کەچی !)) (جەمال غەمبار ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 158- 159 )

لەم بەیتانەدا ئەوەی لە نامۆبوون و مەنفای جەمال دا دەردەکەوێت نامۆبون و مەنفایەکە کە لەدەرەوەی شوێن و تەمەداکانی نێو ئەم هۆنراوە ، شاعیری تاراوگە بوو لە دەرەوەی مەنفا و شوێن دەردەکەوێت ئایا ئێمە دەتوانین مەنفایەك لەماڵێك بۆ خۆمان دروست بکەین ؟ دەتوانین لەوێدا ببینە دانیشتوانی هەتا هەتایی ؟ ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ بە نەرێنی وەڵامی دەداتەوە و هەرگیز ماڵی مەنفا بەخەیاڵی ماڵی نیشتیمان ناگۆڕینەوە ئەوەی وا لە هەرکەسێکی تاراوگەبوو دەکات دەست لە نیشتیمانی هەڵگرێت ئەو پێویستیە بە واتای لە بیرکردی نیشتمانە وەکو یەکەمین یا دەوەری و یەکەمین جێگا ، بەڵام گەڕاندنەوەی شاعیر بۆ کەڵکەڵەی سەرهەڵگرتنی نیشتیمان و داگیرکردنی دڵی وەنەوەشەکانی و گلەیکردن لەمل کەچوبونی ناوەکانی گلەییە لەو واتای مەنفایەش کەلەم بەیتانە خۆی حەشارداوە کە لەئاستی یەکەمدا نامۆبوونی جوگرافیە و پرسیارەکان یەك یەك لە بەرامبەر شوێن دا

١٤

دەکرێن و لەگەڵ شوێن دا بەرز دەکرێنەوە تا ئاستی وەڵام و گومانکردن ، بەڵام ئاستێکی دیکە لەم بەیتانە دا سەرهەڵگرتنی نیشتمان خۆیەتی ئەو ساتەی نیشتیمان جێگەیەك نییە تیایدا بسرەوێت و ئەو کاتەی مل کەچی جێگەی هەموو سەرکەشی و یاخی بونەکانی دەگرێتەوە . خودی نیشتیمان دەبێتەوە پارچەیەکی تاراوگەکراو ،

(( ئەمەش بارێکە لە شیعری جەمال دا حاڵەتێکی جیاوازە و لە شیعری شاعیرانی تری تاراوگەی کوردا نابینرێت ، کە نیشتیمان خۆی لە ڕێگەی گلەیەکانیەوە وە خودێکی نامۆبوو دەردەکەوێت و لەڕێگەی زاکیرەیەوە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژگارێك کەڕۆژگاری بە لوتکەبوونی خەیاڵ و عیشق و جوانیە)) ( هیوا قادر ، مناڵی و مەنفا ، سایتی هیوا قادر ) بەڵام با پرسیارەکە ڕووبەڕووی ئەو خودە شکست خواردووە لە هەمان کاتدا یاخی بووە بکەینەوە کە لەنێو ئەم بەیتانە خۆی حەشارداوە ، خودێك یاخییە لە واتاکانی تاراوگە بۆ نیشتیمان دادەتاشن و شکست خواردووە لە بەرامبەر واتاو ڕەسەن و بناغەکانی نیشتیمان دا خودێك لە شکستی ئێرە وە باسی یاخی بوونی ئەوێ دەکات کەسیفەتی هەموو نامۆبونێکی خودە یاخود کەسی خود نامۆیە .

شاعیر دەڵێت :

(( با هەتاوی دڵ ، بە دەم نوسینەوەی سێبەرەکانی
عیشقەوە
لەسەر بەردی قیامەت بنوسێت ؛
لەشەوی هەرعاشقێکدا ، لە سپێدەی هەردڵێکدا
مەخلوقێك فێربووە لێرەوە بەناو تەمی گۆرانیی و
بەناو خەتمی ورزەکاندا تێئەپەڕێت ...
مەخلوقێك وڵاتی بەشانەوەیە و
هەتا هەڵهاتنی عەتر لە تاریکی ،
لە ناوسووتانی مۆمی غەریبێکدا ،
لە تووڕەبونی خۆید ا،
لەسەر بەردێکی نزیك دڵی دوو عاشق ...
دائەنیشێت !
هێندە ستارە ناگرێت هەتا ئینجانەی گۆرانییەك
بخاتە بەر پەنجەرەی چاوەڕوانیی ...
ئەو نیگەرانە لەوەی ؛
ئەم شارانە بۆچی رقیان لە ئاسمانە !
ئەم ماڵانە لە بەر خاتری چیی بێ پەنجەرەن...
ئەو تووڕەیە لەوەی کەسێ ناپرسێ ؛
ئەرێ گوڵ هەیە بزانێت لە کوێ جێماوە دڵی
ئەو ؟!

١٥

بۆ خەرەندی چ خەمێکە ، وا هەڵدێراوە دڵی ئەو ! )) ( جەمال غەمبار ، ل 159- 160 )

لەم بەشەی قەصیدەکەدا ، کارکردنی جەمال بەدەرە لەهۆکارەکانی جێهێشتنی نیشتیمان کارکردنە لەسەر واتا ونبووکانی نیشتیمان ، یاخود پرسیارکردنە یاخود پرسیار دروستکردنە لە بەرامبەر ئەو واتایەی نیشتیمان ، کەلە غوربەتدا هەیەتی و ، تووڕەبوونێتی لەو واتا ونبووەی نیشتیمان .

تورەبوون و دەرچوون لە یەقینی جامال کامەیە؟ بائەم بەیتە شیعریانەش بێنینە بەرچاو :

(( ئەو نیگەرانەو ئەمێستا چرۆی تووڕەبون
دەرئەکا ،
کە نەورەسەکانیش وەسفی دەریا بەدەم
وەجدی نیشتیمانێکی
شیرینەوە ئەکەن ، هەموو جارێك ئەڵێن :
غەریبێك لە ئاوێنەی باراندا وەك سەنارياى خەم
تەنیا تەنیا ئەچێتەوە ، کزکز ئەسووتێ..

بەدەم ئەو وەجدەوە ،
حەز ئەكات دوا هەناسە بنووسێت و
حەز ئەكات دواى نەسوتان
لە دۆزەخى ئەم شیعرەدا ،
ئەوەندە ئازاد بێت ئاسمان هى ئەو بێت ،
ئیتر ئەوەندە سیزیف نەبێت ، ئیتر خۆى بێت... )) ( جەمال غەمبار ، ل 160- 161 )

تورەبوون و نائومێدى تاراوگەكراو ، یاخود غەریبایەتى لەم بەیتانە دا تورەبونێك نییە بە پرسیاركردن دەربارەى شوێن وتێك چوونى مانفاكانى شوێن دەست پێ دەكات ، یاخود خوڵقاندنەوەى نیشتیمانە لەڕێگەى ئەم تورەبونەوە لە نێو خودى شاعیرا ، بەڵكو تورەبوون و نیگەرانى لێرەدا ، تورەبوون و نیگەرانییەكە كە تەواو بەدواى یەكدا هاتوون و خودێكى پرسیاركەریان خوڵقاندووە كەهەمیشە دەیەوێت بگاتەوە بەواتا ڕەسەنەكانى كە لەوێبوون و براوەتەوە بۆ نێو وێنە حەقیقەتەكانى نیشتیمان ، نیگەرانى قۆناغى پێش تورەبوون و تورەبوونى ڕاستەوخۆ بەدواى نیگەرانیدا دێت ، بەڵام ئەم تورەبوونەوەى جەمال شێوەیەكى سیزیف ئاساى هەیە ، ئەو خودەى هەمیشە خەریكى كۆكردنەوەو لەكۆڵنانى واتا ڕەسەنەكانى نیشتیمان بۆنێو واتا شێواوەكانى و لەدەرەوەى نیشتیمانەوە بۆ نێو نیشتیمانە سیزیفەكەمان بەم جۆرە خوڵقاوە كە لەبەر مەبناى چیانى ئێستایەوە نیشتیمانى بە كۆڵەوەیەو لە هەوڵێكى جدى دایە بۆ گەڕاندنەوەى واتاو و جوانى ، بەڵام تاراوگەو تەمەدیەكانى تاراوگە ڕێگرە لەبەرامبەر ئەم هەوڵەداو هەمیشە دەگەڕێتەوە دۆخى خۆمان ئەم هەوڵەش نە نەتەوەو نەخود نزیك دەكاتەوە تاوەكو لەزەت لەبینینى نیشتمان ببات نەئەوەندەش دوور تاكو واتاكانى نیشتیمان بەیەكەو
بسوتێنێ ، زاكیرەیەك نەتوانێت بیخاتەوە نێوخۆى ، واتە لێرەدا سیزیفەكەى ئێمە دووچارى شكست هاتووە هەم لەنێو واقعى شوێن و(جوگرافیا ) هەم لەنێو واقعى(خود) دا شكستێكە واى لێكردووە جۆرێكى ترى گەڕانەوە
١٦
هەڵبژێریت و بڵێت :

(( بەدەم ئەو وەجدەوە ، حەز دەكات
ئەم بەردەى لەسەر شان داگرن ..ئەم بەردى
ژیانە ئەوى كوشت ...
ئەو غەریبە ، چى تر بەكەڵكى ئەم بەیانییە نایەت
دەنگى ئەو بۆ ئەم گۆرانییە نەشاز نەشاز
ئەچێتەوە ...
ئیتر دایگرن .. باسێبەر لە باخچە نەبڕێت
ئەو ڕێگە نەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ڕووبارێك
كە پێشترێ هەندێ نەسیمى قسەو
هەر بەچاڕۆكەیەك ڕۆشنایى و
هەندێ هاوڕێیەتیى تێدا جێهێشت... )) ( جەمال غەمبار ، ل 161 )

لۆژیكى ڕوانین لە شوێن لاى كەسى تاراوگەبوو تەنیا تێڕوانین نییە لەپارچەیەكى جوگرافى ، بەڵكو دواندنى یادەوەرى و زمان و كەلتورە كە هەموویان لەشوێن دا بەرجەستە دەبن لەراستیشدا شوێن چەقى بەریەككەوتن و یەكگرتنەوەى هەموو ئەو یەكانەیە لەنێوان زمان و یادەوەرى و كلتوردا چەقى بەریەك كەوتنى شوێن و یادەوەرى لەم قەصیدەیەدا ، دووچارى حاڵەتى نامۆبوون هاتووە ، بەڵام ئەم نامۆبوونە نامۆبونێك نییە جوگرافیاى ئامادە بە زیندانێك بشوبهێنێت ، كە لە تەنیایدا تاكى نامۆبوو ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خودى خۆى ، بەڵكو لێرەدا خودێكى ساختەو موزیەف لە كاردایە وخودى حەقیقى كەسى نامۆبوو لەسەر وەختى هەڵگەڕانە بە یادگاریەكانیدا تاكو بگاتەوە بەو خودەو نامۆبوون لە شوێن وەكو جوگرافیاو نامۆبوون لە خود ( خودى حقیقى ) كردونیەتییە واتایەكى بێرۆح . لێرەوەیە شاعیر خەریكى كۆكردنەوەى ئەوقسانەیە كە دەیگەیەنێتە قیامەت و قیامەتیش سەر زەمینى كۆتایى هاتنى دەمامكەكانەو سەرزەمینى دەركەوتنى ڕووى ڕاستەقینەى شتەكانە ، جەدەلێتى نێوان ( خود) كە تاراوگە بەكەسى بەخشیووە كردویەتى بە كەسایەتییەكى دیارى كراو بە جۆرێكى تایبەت و دیارى كراوى نامۆى ( خود) كە خودى حقیقى كەسە ، لە نێو كەسیایەتى شاعیرداو لە نێو ئەو نیشتیمان و جێگەیەى كە،دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەسڵى خۆى ، لە نێو ئەم بەیتانەى كۆتایدا تێكەڵ بە تعبیرى نامۆیى لاى ( جەمال غەمبار) دەبێت :

(( هەموو ڕۆژێك لە غەریبى خۆى هەڵ ئەنوتێ ، ئەكەوێ
بەسەر مردنا
بەڕێكەوت ئاوێنەیەك پێشوازى لێئەكات ، پێى ئەڵێن ،
ئەوە تۆى ،
ئەى تەماشاى جێماو لە دوا ئاوڕ دانەوە مانگێكى موسافیر
ئەو دەمەى جەنتاكانى تەمەن ئەپێچمەوە و
١٧
كتێبى شار دائەخەیت ..
ئەو سێبەرى تۆیە ،
ئەى كەنارى سەرقاڵ بە دڵنەوایى نیشتیمان
بێدەنگیت لە كوێ هێناوە ، ئەم گریانە لە كێ فێربوى
ئەوە تۆى هەى خانە خەراپ ؟
هەى ماڵى شیعرت وێران و هەى خۆت وێران )). ( جەمال غەمبار ، دیوان ، 2010 ، ل 11 )

بۆ ئاشنابوون لەگەڵ واتاو مەبەستەكانى ئەم دەقە ، بەتایبەت لەگەڵ ئەم بەیتانەدا ، دەبێت كەشفى پەیوەندى نێوان ، ئاوێنە و سێبەرى شارو دڵنەوایى نیشتیمان بكەین ، كە ئەم پەیوەندییە لە واتا هەرە سادەكەى دا گەڕانە بەدوایی خودی ڕاستەقینە و تەفسیركردن و بەشێكى لێكدانەوەو یاخود بێزاربوونە لە خودى ئامادەبوو كە گەڕانێكى ئەبەدەو ئەزەلییە، گەڕانێكە بەشێوەى نەبینراو دەردەكەوێت ، چونكە ماناكان بۆخۆیان لە شاردنەوەو لەكەشف بوونیشدا ئەبەدین بەشێكى دى لەنامۆیى لەم قەسیدەیەدا لەماناكانى گەڕانەوەى ( جەمال )دا ، منداڵ دەردەكەوێت ،كەمن پێم وایە لەم قەسیدەیەدا خۆى لەوێنەى كراوەدا بەیان دەكات ، با تەماشاى ئەم دێرانە بكەین ، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ،شاعیر دەڵێت :

(( ئێوارەیەك بە تەنیا وەك ئاوێكى عاجز تۆ دێیت و
بە هەموومان ئەڵێیت ؛

- من لای ( کلارا) وە گەڕاومەتەوە .
لە مردنێکی چوڵ ئەگەڕێم
ئەرێ کەس مردنێکی چۆڵ شك نابات بۆ کرێ ،
ئەرێ مردوویەك بێزار نییە لە گۆڕو مەرگ و
حیکایەتەکانی خۆی
تابیانبەخشێت بەئێمە !...)) ( جەمال غەمبار ، ل 163 )

(( مناڵ و مەنفا لە ئەدەبی کوردیدا دوو چەمکی لە یەکەوە نزیکن ، نموونەی شیعریان زۆرە لە ئاوڕدانەوە کە دەکرێ جگە لەو هەموو مەعنا هیومانیستیانەی کەلە ئاوڕدانەوەی جەمال دا بۆ کلارا ئامادەیە ، ئەم ئاوڕدانەوەیە وەکو ئاوڕدانەوەی نامۆیەك تەماشا بکەین بۆ مناڵی و لە وێشەوە بۆ مەنفا . کە هەمیشە ئاوڕدانەوەی بۆ مناڵی لە ڕێگەی یادەوەریەوە و یادەوەریش بۆخۆی بەشێکە لە شوناس ) ) ( هیوا قادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو )

ئاوڕدانەوەی جەمالیش ئاوڕدانەوەیە بۆ شوناسی ئینسان خۆی و ئاوڕدانەوەیەکیشە لە یادەوەری دەست لێ نەدراوی مناڵی ، ئەو منداڵیە هێشتا مرۆڤ بوون و گەورە بوون بەهەموو ئازارو خەم و خۆشی و ناخۆشیەکانی خۆیەوە زەفەری پێ نەبردووە و نەی کردۆتە پارچەك لە یادەوەری جیاواز لەوەی وەریگرتووە ، لە مامەڵەی ڕاستەوخۆی مناڵی لە گەڵ ماتریاڵەکاندا ، بەڵام ئەو ئاستەی کەپەیوەندە بەنامۆبوونەوە لێرەدا ئاستێکە داواکاری

کەس وەکو کەسی تاراوگە کراویان دا بەرجەستە دەبێ دەکرێت داواکاری گەورە لە ئاست مانا سادەو جوان و دەست لێنەدراوەکانی مناڵی دا داواکارییەك بێت خۆزگە بەمردن بخوازێت . لێرەدا گەورەیی بە هەموو

١٨

واتاکانیەوە دێت و وەکو نامۆیەك مامەڵەلەگەڵ سادەیی و جوانی مناڵی دا دەکات ، منداڵیەك بۆ خۆی مردووە و چەقی بەستوە و لەڕێگەی گەڕانەوەکانەوە ، واتاکانی غەریب بون بە جوانی و بەخەڵقە شیعریەکان لە گەورەی دا کەشف دەکات ، گەڕان بەدوای دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی ڕەهەندی یەکەم ڕەهەندە خودی شوناسە کە کەشف و پرسیار و گومانەکانی کەسە بەرامبەر خودی خۆی باسکراوە و ڕەهەندی دووەمیش لەو پەیوەندییە دەکەوێتەوە کەمرۆڤ (تاك) لەگەڵ ئەوی دی و لەگەڵ بەرامبەردا دەیبەستێت ڕەهەندی سێیەمیش کە وێنەکەی شوناسە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ واتاکەو شتەکان و چەمکە ئەزەلیەکاندا لەدێرەکانی دواتردا دەردەکەوێت پێکەوە بەهەرسێ ڕەهەندەکەوە کەسێتی نامۆ تەواو دەکەن .

جەمال غەمبار دەڵێت :

(( تۆ لای نازنازەکانی خوداوە دێیتەوە ،
هەر چییەکت لە وێ دیوە ، هەڵیڕێژە هەناسەی
ساردی ئێمەوە ...
نامە ، ئاوی دڵی ئێمە نادات ، ژیان لە نامە و
شیعرێکی کورتدا کوانێ جێگەی ئەبێتەوە ... )) ( جەمال غەمبار ، ل 164 )

بەڵام با بپرسین پەیوەندی نێوان تەنیایی و مەنفا چییە؟

ئەوەی والە گەورەیی دەکات زۆرجار کە لە مەنفاوە ئاوڕدەداتەوە تەنیاییە ئەوەی وا لەکەسی تاراوگە کراویش دەکات کە لە مەنفاوە ئاوڕ بەرەو نیشتیمان بداتەوە تەنیاییە ، ئاوڕدانەوەکە لە دەرەوەی شوێن دایە و کەسی تاراوگەکراو لە ڕێگەی تەنیاییەوە ئەم پرسە ئەنجام دەدات و دەیگەیەنێتە حاڵەتی تەعبیرکردن لە خودی ( مەنفی باتەماشای ئەم دێرانە بکەین ) :

(( ئەی کەناریە ڕوخاوەکەی هێلانەی من !
ئەی تەنیا ...
نە هاوەندێك نییە دڵی هەردووکمان
بە مەقامێکی تەڕ بسپێریت ...
ئەی گۆرانیە پڕ تەنیاییەکەی ئێوارە غەمگینەکانی من ؟ ئەی تەنیا
دڵم پڕپڕ لەخەیاڵی ئەو شارانەی
باوەڕیان بەشۆڕش و ئاهەنگی یادکردنەوەی
گریان نەماوە ...)) ( جەمال غەمبار ، ل 166- ١٦٧ )

کەواتە ئەم گەڕانەوەیەش دەکرێت ساڵی گەڕاندنەوەیەك بۆ مناڵی لە ئەنجامی تەنیایدا بەدی کەین ، زیاتر لەوەی گەڕاندنەوەی غەریبێك بێت دور لە جوگرافیای نیشتیمان و گەڕاندنەوەی هۆنراوەیە بۆ نیشتیمان ، هەموو

حیکایەتێك سیحری ڕاکێشانی خۆی هەیە ، بۆ ئەوەی لە حیکایەتەکان تێبگەیت دەبێت خۆت لە سیحرەکانی بەتاڵ بکەیتەوەو ڕاستەوخۆ خۆت ئاراستەی دیوی ناوەی حەقیقەتەکان بکەیت ، ئەو ڕایەڵە توندو تۆڵانە بدۆزیتەوە کە ڕووداوە خەیاڵەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە .

١٩

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم تۆژینەوەیەدا گەشتین بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

- نامۆیی چەمکێکی فرەپێناسەیەو دیاردەیەکە کە دەبێت لەڕوانگەی جیاوازەوە تەماشابکرێت ،لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆکراوە .
- نامۆیی دیاردەیەکە دەتوانین بڵێین لەگەڵ لە دایك بوونی مرۆڤ ئەمیش لەدایک بووەو دەستی پێکردووە .
- بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان تووشی دیاردەی نامۆیی دەبن ، بەڵام بە تەنیا شاعیر دەتوانێ بە هۆنراوەکانی گوزارشت لەو دیاردەیە بکات .
- نامۆیی لەیەک جۆر پێک نایەت ، بەڵکو چەندین جۆری جیاوازی هەیە ، هەریەکەش لەو جۆرانە کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤەکان هەیە .
- ئەزموونی نامۆیی وەك چۆن لە هۆنراوەکانی ڕێبازی کلاسیکدابوونی هەبووە ، بە هەمان شێوە پانتاییەکی گەورە ی لە هۆنراوەکانی جەمال غەمباریشدا داگیر کردووە ، واتە هەر لەسەردەمی کلاسیکەوە تائێستاش بوونی هەیە.
- جەمال غەمبار زۆربەی هەرەزۆری هۆنراوەکانی بۆ نامۆیی نوسیوەو نامۆیی تیایدا بەڕوونی بەرچاودەکەوێت بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەتێیدا ژیاوە .

٢٠

لیستی سەرچاوەکان :

کتێبەکان :

١- ئاری ئاغۆک ، بزاڤی تەغریبی ، چاپخانەی میدیا ، هەولێر ، 2003 .

٢- ئومێد ئاشنا ، شێوەو ناوەڕۆك ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراز ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٣- بەختیار عەلی ، خوێنەری کوشندە ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٤- توانا ئەمین ، مەنفاو خوێندنەوە ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ، ٢٠٠٨.

٥- جەمال غەمبار ، نامبینیت چۆن پاییز ئەبمەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠١٢ .

٦- جەمال غەمبار ، دیوان ، چاپی یەکەم چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

٧- سەرکەوت سەعدی قادر ، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر)دا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١.

٨- سامان عیزەدین سەعدوون ، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە ،چاپی یەکەم چاپخانەی تاران ، ٢٠١٥ .

٩- فازیل شەوڕۆ ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٣ .

١٠- د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ-هەرزەکار) ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٨.

١١- د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی ، زانکۆی صلاحدین ، ٢٠١٠.

١٢- کەماڵ مەعرووف ، کلاسیکی نوێخوازی کوردی ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .

١٣- هەژار ، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە (کوردی- فارسی) ، چاپخانەی سروش ، تهران ، ١٣٦٩ .

١٤- هاشم صالح ، لەنێوان بلیمەتی وشێتیدا ، وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،چاپی دووەم ، ٢٠٠٣ .

نامەی ماستەر:

١٥- ئارام محمد قادر ، نامۆیی لە شیعرکوردی کرمانجی خواروو( 1975-2000) ، نامەی ماستەر ،ک.زمان سلێمانی ، ٢٠٠٧.

١٦- کاظم محمد زاهد ،پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نامۆبون لای گەنجانی زانکۆ فەیسبوك بەنموونە ، ٢٠١٥ .

گۆڤارەکان :

١٧- ئابکر لەتیف ، نامۆبوون ، گۆڤاری نەوشەق ، ژمارە ٣٢٩ ، ٢٠٠٥ .

١٨- ئاشتی حەمە ، سەبارەت بەچەمکی نامۆبوون ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٧٩ .

٢١

١٩- سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 48 ، ٢٠٠٠ .

٢٠- سوارە سەباح ، نامۆبوون لەڕوانگەی مارکسەوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 222، ٢٠١٥ .

٢١- فەرمان حسن ساڵح ، مرۆڤ و نامۆبوون ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 24 ، ١٩٩٨ .

٢٢- کەمال فاورووق ، فرۆید و نامۆبوونی مرۆڤ ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٧٠ .

٢٣- یوسف عوسمان حەمەد ، ئەنتی کەسایەتی ( خەسڵەتی نامۆبوونی تاک ) ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 73 ، ٢٠٠٢ .

ئەنتەرنێت :

٢٤- هیوا قادر ، مناڵی و مەنفا ، سایتی هیوا قادر www.google.com

٢٢



**ملخص باللغة العربية**

**(الغربة) في الشعر الكوردي المعاصر ( جمال غمبار ) نموذجا**

الغريب (الغربة) في الشعر ظاهرة يمكن ان يصاب بهاجميع البشر وتختلف اسبابها ولكن فقط الشاعر يستطيع التعبير عنها ويشير اليها عن طريق الابيات الشعرية الغربة عند الشعراء في كل مرحلة لها اهميتها معناه ان ليس فقط يهتم بها في الشعر الكلاسيكي والرومانسي ، لكن يلجا اليه الشاعر او كل شاعر حسب حاجاته و رغباته وله غرضه الخاص خلف استخدام هذا النوع من الشعر ومن بين الشعراء الكورد الاكثر استخداما لهذا النوع من الشعر ( جمال غمبار ) الا انه اشار الى هذا الشعور او الظاهرة بشكل جميل وسلس وواضح من بين ابياته الشعرية ويعود السبب الى ان الشاعر لانه عاش في الغربة وبعده عن الارض والوطن لذلک برز هذا الشعور لديه.

الهدف من هذه الدراسة الكشف عن دور واهمية الادب بشكل عام والفن بشكل خاص والكشف عن قدرات ومواهب الشاعر ( جمال غمبار ) .

تتألف محتوى هذه الدراسة من فصليين رئيسيين يتكون الفصل الاول : من مبحثين المبحث الاول يتضمن المصطلح تعريفه ومفهومه ، والمبحث الثاني تعريف الشخصية وطبع الغربة واتجاهه الايجابي والسلبي مع خصائص ومؤشرات الشخص الغريب وأسبابه وانماطه و هذا كله يندرج تحت الفصل النضري ، اما الفصل الثاني : وهو الجانب التطبيقي وتم التركيز فيها على تفسير وتميز الاشعار التي تظهر فيها ظاهرة الغربة أو الغريب ، وبعدها تم تفسير نتائج الدراسة من خلال عدة نقاط اضافة الى قائمة المصادر التي استفتاد الباحث منها في هذه الدراسة ، كما يتضمن البحث ملخص البحث باللغة العربية و الانكليزية.

واتبع الباحث المنج الوصفي التحليلي في هذه الدراسة.